# پێویستە هەڵسوڕانی تیرۆریستیانەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان قەدەغە بکرێت!

سامان کەریم
Zaryak @yahoo.com

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، حزبێکی تیرۆریستە. هەڵسوڕانی تیرۆریستیانەی ئەم لایەنەی ئیسلامی سیاسی زۆر پێویستی بە لێکدانەوەو شرۆڤە کردن نیە، چونکە بەڵگەو ڕاستیە کۆمەلایەتیەکان هێندە ڕۆشنن، کە پێویستی لێکدانەوەی تیزو بەرنامەی ئەم حزبەو سەلماندنی تیرۆریست بونیان، دەکاتە کاریکی بێهودەو زیاد.

لەڕەوتی هاتنە پێش‌و گەشەی ئەم حزبە لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردودا لە جەرگەی شەری نێوخۆی کوردستاندا، دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر ڕۆشن‌و سادە ڕاستی هەڵسوڕانی تیرۆریست بونی ئەم هێزەی ئیسلامیی سیاسیمان لەکوردستان بسەلمێنین. باسی تیرۆر تەنها باسی خۆتەقاندنەوەو ئۆتۆمۆبیل تەقاندەوەو، پشتێنی بۆمب ڕیژکراونیە، ئەوانە شێوازو ڕیگای ئەو ڕەوتە تیرۆریستانەن کە بەبانگی ئاشکرا دیفاع لە تیرۆریست بونی خۆیان دەکەن‌و وەکو ڕیگایەك دەیبینن بۆ مانەوەی خۆیان لەبەرانبەر حەریفەکانیاندا، حەماس لە ئیسرائیل سەرەڕای تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل نمونەیەکی زەقی ئەم ڕەوتە تیرۆریستیانەیە کە بەنێوی "مقاومە"و دژایەتیکردنی ئیسرائیلەوە دەیەوێت "مەشروعیەت" بونی کاری تیرۆریستی خۆی نیشان بدات‌و لەمبارەوە نمونە زۆرە بەتایبەت بۆ خەڵکی عێراق‌و کوردستان، کە ئەسیری کێبەرکێ‌و ململانێیەکی تیرۆریستی لغاوبەربوون.

بەلام یەکگرتووی ئیسلامیی نەك وەك هێزیکی تیرۆریست بانگی ئاشکراو ڕاستەوخۆی نەداوە بۆ خۆتەقاندنەوەو بەکارهێنانی پشتێنی بۆمبڕیژکراو بەڵکو لە ژێر پەردەی جۆاوجۆرەوە دەیەوێت خۆی وەك هێزێکی هاوچەرخ‌و مەدەنی نیشان بدات وتەنانەت دەیەوێد وانیشان بدات کە هێزێکی ریفۆرمخوازەو دژ بەگەندەڵییە. بەلام تیرۆر لە دنیای واقعدا پیادەکرێت‌و وەك بەشێك لە ستراکتۆری بەرنامەو سیاسەتی هیزەکانی ئیسلامی سیاسی پێویستی بە تیۆرو داتاشین‌و تەنزیر هەیە، ئەرکی سەرەکی‌و شاکاری تان‌وپۆی هەڵسوڕانی سیاسی یەککگرتووی ئیسلامیی کوردستان تیۆریسێنی تیرۆرە. بەلام یەکگرتووی ئیسلامیی وەك هێزیکی نامۆ بە خەڵکی کوردستان‌و جیهانی هاوچەرخ هەر لە چوارچیوەی تیۆر داتاشیندا کارەکانی خۆی قەتیس نەکردۆتەوە، بەڵکوو لەوە زیاترو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاندەر بوە بۆ کاری تیرۆریستی، نمونەیەك لەوانە تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادرو قابیل عادل بو لە 18ی نیسانی ساڵی 1998دا لەلایەن مەلا بەشیرو مەلاکانی دیکەوە، لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنیەوە لە خوتبەکانی رۆژی هەینیدا. ئەمەجگە لە "حەرام" کردنی تەواوی مافە مەدەنی‌و فەدرییەکان بۆ خەلکی کوردستان لە ڕیگای تەلەفیزیون‌و رۆژنامەو خوتبەکانی رۆژی هەینی‌یەوە، کە هەر هەموویان فەزای کۆمەلایەتی بە قازانجی تیرۆر فەراهەم دەکەن، بەقازانجی کوشتنی ژنان‌و سەرکوتی مافەکانی لاوان دەشکێتەوە. بەلام یەکگرتووی ئیسلامیی دیسان دوژمنایەتی سەرسەختی هەبوو بەرانبەر بە سینەماو دوکانی ڤیدیۆ مەشروب فرۆش‌و تەنانەت بازارەکانی دەستی دووش(کۆنە) بەهۆی ئەوەی کە جل‌و بەرگی ڕۆژئاواییان تێدا دەفرۆشرا. لە خۆوە نەبوو کە یەکگرتوو هانی نهێنی ئەندامانی خۆی دەدات بۆ کەمپینی فراوانی ڕشتنی تیزاب بە قاچی ژناندا، ئەو ژنانەی کە جل‌وبەرگی مەدەنیان دەپوشی بەتایبەت لەسالانی 97و 98ی سەدەی ڕابوردودا....

یەکگرتووی ئیسلامیی بەم مانایە لانکەی پەروەردەکردی تیرۆرە لەکوردستان. قوتابخانەی فێربونی تیرۆرە. ئەم ڕەگە یەکێکە لە ڕەگە سەرەکیەکانی ئیسلامیی سیاسی لەئاستی دنیاشدا، ئیخوان موسلیمەکان لە هەموو ولاتانی دنیادا، ئەوە ئەرك‌و پیشەیانە، کە لاوان‌و تازە پێگەیشتوان‌و تەنانەت مندالان ئامادەدەکەن بۆ بەرەکانی تیرۆر.

ئەمرۆ کاتی ئەوەیە کە ئیسلامیی سیاسی‌و لەوانە یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان بە حوکمی یاسا هەڵسوڕانی تیرۆریستیان قەدەغە بکریت، کۆمەلگای کوردستان بە حوکمی یاسا بتوانیت پاریزگاری لەخۆی بکات لەبەرانبەر تیرۆرو تیرۆریستانداو لەلایەکی دیکەشەوە، فەزایەکی کۆمەلایەتی‌و پەروەردەیی‌و ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی وا بخولقێنین، کە تیرۆروتیرۆریزم لە کوردستاندا بنەبڕ بکەین. خەڵکی کوردستان پێویستیان بەوەهەیە کە لەدەستوری خۆیاندا دین جیابکەنەوە لە تەواوی دەستورو یاساو حوکمێك کە هەیە لە کوردستان لە خویندن‌و پەروەدرە. بەشێوەیەکی یاسایی وانەی دینی قەدەغە بکریت، حیجابی مندالان قەدەفەبکرێت، دامودەزگای ئەوقاف‌و وەزراەتەکەی هەڵبوەشێنرێەوەو ئازادییە سیاسیەکان بەرقەرار بکرین لە ڕیگای یاساوەو لە هەمانکاتدا سەرچاوەی داهاتی مالی ئەم هێزانە بەشێوەی ڕۆشن ڕابگەیەنرێت. ئەمانە کارو ئامانجێکن کە پێویسنە خەڵکی کوردستان‌و هەموو ئەو هیزو لایەنانەی کە دژ بەتیرۆرن هەوڵی بۆبدەن‌و بەخەبات‌و تێکۆشانی خۆیان سەرەتانی تیرۆرو تیرۆیزم لە لەشی کۆمەلگا بڕن.

2006/7/20